ئەنجومەنی نوێنەران کارنامەی دانیشتنەکەی ڕۆژی چوارشەممە بڵاودەکاتەوە

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەمڕۆ دووشەممە کارنامەی دانیشتنی ڕۆژی چوارشەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە.

لە بەیاننامەیەکی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەراندا هاتووە :- ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو دەنگد□ر□ت لەسەر پێشنیازی یاسای هەمواری دووەمی یاسای کۆمۆسیۆنی هەڵبژاردنەکانی ژمارە 31 ی ساڵی 2019 و پڕۆژەیاسای گێڕانەوەی خانووبەرەکان بۆ خاوەنەکانیان

وپڕۆژەیاسای پشووە فەرمیەکان.

هەروەها ئاماژەی کرد بەوەی کە لەدانیشتنەکەدا خوێندنەوەی یەکەم دەکرێت بۆ پێشنیازە یاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەستەی حەشدی شەعبی و پڕۆژەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای دەزگای شەهیدانی ژمارە 2 ی ساڵی 2016 ، جگەلەوەش خوێندنەوەی دووەم دەکرێت بۆ پڕۆژەیاسای دەزگای هەواڵگری نیشتیمانی.